# لاپتۆپی EX زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێش

زۆر بەمـان لاپتۆپمـان هەیەو بەکار دەهێنین بەلام گرنگ ئەوەیە کە تا چەند دەتوانـی لاپتۆپەکەمان تایبەتمەندی بێت بۆیە هەمـوو ئەو کۆمپانیانەی کە لاپتۆپ بەرهەم دەهێنن گرنگی تایبەتی پێ دەدەن لەهەوڵی ئەوەدان کە لاپتۆپەکانیان تایبەتمەندی وەربگرێت لەلای بەکارهێنەرانییەوە، بۆ یەکەمین جار لە وڵاتی یابان کۆمپانیای Ex لاپتۆپێکی بەرهەمهێنا کە زۆر تایبەتمەندە ئەم لاپتۆپە بەجۆرێك کار دەکات کە خاوەنەکەی کاری پێبکات ئەگەر خاوەنەکەی بۆ سـاتێکی کەم لاپتۆپەکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵێت ئەوا لاپتۆپەکە شـەت داون دەبێ واتا دەکوژێتەوە، رووپۆشـەکەی بە ئەلەمنیۆم کراوە، هەروەها سـەیرەکەی لەوەدایە ئەم لاپتۆپـە هیچ کات گەرم نابێت، هاردەکەی 620 گێگا لە جۆری SDDHD کە خێراییەکەی زۆری هەیە لەکار کردندا، هەروەها پرۆسێسـەرکەی Cori7 و شاشەکەی 14.1 کامێراکەی HD کارت شاشـەکەی بەرهەمی کۆمپانیای نیڤیدیایـە 4 گێگایە پاترەیەکەی 3 کاتژمێـر کار دەکات و هەموو جۆرە پۆرتەکانی وەك بلوتۆس و وایەرلێس و s800 تێدایە .




# Shield بەرهەمێکی نوێی نڤیدیا بۆ یاری

کۆمپانیـای نڤیدیای ئەمریکی یاریی تایبەت بە کۆمپانیای نڤیدیا بەناوی NVIDIA Shield بـڵاو کردەوە ئەم یارییە دەسـکێکی تایبەتی هەیە لەگەڵ شاشـەیەك کە 5 ئینجەو قەبارەی نمایش کردنی دەگاتە 1280×720 بکسل. شـایەنی باسە ئەم ئامێرە بەسیتەمی ئاندرۆید 4 کار دەکات و هاردەکەی 16 کێکا دەبێت و پرۆسێسـەکەی لەجۆری ئەتۆمـە و دەتوانێت میمۆری تا 32 گێگا وەر بگرێت و باترییەکـەی دەتوانێت 16 کاتژمێر کار بکات و دەتوانرێت بخرێتە شـەر شاشـەی دەرکی و یاریی ئاندرۆیدی جۆری 1.2.3.4 وەر بگرێت، کۆمپانیای نڤیدیا یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کەتایبەت لە بواری گرافیك کارت و یاری دروستکردندا بەرهەمێکی ئێجگار جۆری هەبووە،بەڵام ئەمە یەکەم بەرهەمە کە راستەوخۆ بەناوی خۆیەوە بڵاو بکرێتەوە.




# مۆبایلی گالەکسی وەک دکتۆری چاو پشکنین دەکات



لەنوێترین بەرنامەی تایبەت بە ئەندرۆید سامسۆنك گالەکسیدا بەرنامەیەکی تایبەتدا
کە گروپێکی لێکۆڵەرەوە لە وڵاتی بەریتانیا توانی داهێنانێك بکە لە گالاکسیدا ئەویش
بەرنامەی Peek کە دەتوانێت پشکنین بۆ چاوی مرۆڤ بکات و ئەنجامەکەی دیاری
بکات. ئەمەش دوای ئەوە هات کە بەهۆی پشکنین و کرێی تێچووی پشکنینی چاو
تێچوویەکی زۆری بوێت، بۆیە لەم بەرنامەیدا ئەم ئاسانکارییەکان کرد ئەویش بە گرتنی
یەك وێنەی چاوی کەسەوە تەواوی تۆڕی چاو و شەپۆلەکانی ڕەنگی چاو دیاری دەکات
کە بە هۆیەوە دکتۆر چارەسەری بۆ دیاری دەکات بەم هۆیەوە مۆبایلی گەلاکسی وەك
دکتۆرێکی چاو پشکنین ئەنجاو دەدات.

# نۆکیا 720 و 520 بە سیستمی ویندۆز 8 و چەندین تایبەتمەندی



هەردوو مۆبایلی نۆکیا لومیا 720" و "نۆکیا لومیا 520 کە تێکەڵێکە لە ئەدای بەرز و داهێنان و نرخی گونجاو خرانە بازاڕەکانی
عێراقەوە. نۆکیا لۆمیا 720 لێنزێکی زیسی هەیە کە ڕێژەی کرانەوەی دەگاتە F/1.9، گۆشەی لێنزەکە دەگاتە(1.3 میگا پێکسل)
و بە کامیرایەکی نموونەیی دادەنرێت بۆ گرتنی وێنەی بە کۆمەڵ وئەنجامدانی پەیوەندی بینراو لە ڕێگای بەرنامەی (سکایپ)، ئەمانە
جگە لە بەرنامەی "Cinemagraph" و تایبەتمەندی "Smart Shoot" و جێبەجێکردنی "Glam Me" بۆ باشتر کردنی وێنەی
خودی، ئەو مۆبایلەیە کە لە ڕێگایەوە جوانترین وێنە بە ئاسانترین شێوە بگیرێت، شاشەکەی بە تەچ کار دەکات و تەکنۆلۆژیای (کلیر بلاك
دیسپلای Clear Black Display) هەیەو قەبارەی شاشەکەی 4.3 ئینجە. نۆکیا لۆمیا 520 کە کێشی 124 گرامە و پرۆگرامی
Cinemagraph بوار بە بەکارهێنەر دەدات وێنەکان زیندووتر نیشان، تایبەتمەندی (SmartShoot)یش یارمەتی وێنەگرتن دەدات بە
یەك داگرتن. هەردوو نۆکیا لۆمیا 720 و نۆکیا لۆمیا 520 خرانە بازاڕەوە دوای ئەوەی کۆمەڵێك جێبەجێکارکردنی "HERE Maps
بۆ نەخشەکان و "HERE Drive" بۆ خزمەتگوزاری کەشتیوانی و ئاراستە کردنی دەنگی و ڕێنیشاندانی ورد و HERE Transit
گە بە ڕێنیشاندەری هاتوچۆی گشتی دادەنرێت. لە سایەی هەبوونی سیستمی ویندۆزفۆن8 لەسەر هەموو مۆبایلەکانی نۆکیا لۆمیا،
ئەمەش چێژی زیاتر بە بەکارهێنەر دەبەخشێت کە مۆبایلە زیرەکان دەیبەخشن وەك جێبەجیکردنی (HERE)و ناردنی لاپەڕە و فایل
لە ڕێگای تۆڕی نێودەوڵەتی زانیارییەکان بۆ Start Screen لەسەر شاشەی مۆبایل و وەك جێبەجێکردنی زیرەکی (Live Tiles)
کە یارمەتی بەکارهێنەر دەدات چاودێری زانیارییە گۆڕاوەکان دەدات وەك نرخەکانی بۆرسە و بارودۆخی کەش وهەواو دەرفەتی بەکارهێنانی
پرۆگرامی (People Hub) دەدات ئەویش بریتییە لە لیستێك لە ناو کە وای لێدەکات بەردەوام ئاگاداری نوێترین هەواڵەکانی هاوڕێیانی
بێت ئەوانەی کە گرنگییان پێ دەدەن و بیانهێڵتەوە لە شوێنێك بۆ ئاسانکاری. هەروەها بواری بەکارهێنانی یارییەکانی "Xbox"دەدات
لە پاڵ هەڵگرتنی بڕی 7 گیگابایت بەخۆڕایی لە ڕێگای "SkyDrive"،سەرەڕای جێبەجێکردنەکان مایکرۆسۆفت ئۆفیس وەك (ئاوت
لوك و وۆرد و پاوەرپۆینت). ئەم دوو مۆبایلە نوێیە خەزنێکی ناوخۆیی بە بڕی 8 گیگا بایت لەگەڵ خەزنێکی دەرەکی بە بڕێ 64
گیگابایت، ماوەتەوە بڵێین کە نرخیان زۆر گونجاوە.



## تەبلێتێکی تایبەت بە وێنەکێشان

تا دێت تەکنەلۆژیا بەرەو پێشـــتر دەروات و شـــتی تازە بەرهەم دەهێنرێت بۆ کار ئاسـانی مرۆڤ لە کاری ڕۆژانەیدا بەکاری بهێنێت کۆمپانیای بەناوبانگی یابانی پاناسۆنیك بۆیەکەم جار تەبلێتیکی بەناوی 4K داهێنا کە تایبەت بە بواری وێنەکێشان بێ.

ئەمەو لە یەکێ لە پەیمانگاکانی ئەو وڵاتە لەبەشـــی وێنەکێشـــان لە تاقیکردنەویدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەم تەبلێتە بەهۆی قەلەمێکی تایبەتەوە دەتوانێت کاری وێنەکێشـــان بکات دەتوانێت راســـتەوخۆ بەهۆی بوونی داتاشۆییەوە بخرێتە سەر سلاید شۆ، لەپاش سەرکەوتنیدا بڕیارە ئەم کۆمپانیایە خزمەتی زیاتر بە بواری خوێندن بکات لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن. ئەم تەبلێتە شاشەکەی 15.10 و Cori5ـە و رامەکەی 16 گێگا dd3ـە و هاردەکەی 128 sddـە کێشـــەکەی 700 گرام دەبێ وێندۆزی 8 تایبەتی لەســـەرە کامێراکە فول HD و وایەر لێس و بلوتۆس و پۆرتی HDMI تێدایە و پاترییەکەی دەتوانێت 2 کاتژمێر کار بکات.



## سایتێک تەواوی ڕووداوی ئەنتەرنێت لە 1 خولەک دیاری دەکات



ماڵپەڕێکی تایبەت کە چاودێریی ئەنتەرنێـــت دەکات لـــە جیهـــان ماڵپەرێکی تایبەتی کردوە بە ناوی Qmee کە بە کردنەوەو دامەزراندنی و بوون بەئەندام تێیدا ئەوا ڕووداوی 1 خولەکتـــان پـــێ رادەگەیەنێـــت سەبارەت بەئەنتەرنێت کە بۆ خولەك ئەم شـــێوەیە دیاری کـــردووە 350 مێگا بـــت تەنها لـــە فەیس بووك داونلۆدی داتا دەکرێت، ماوەی 72 کاتژمێـــری وێنـــەی ڤیدیۆی تێدا کراوەتەوە لەگۆگل 2 ملیۆن گەڕان کراوە لە فەیســـبووك یـــەك ملیۆن و هەشـــت ســـەد هەزار لایك کراوە لەسکایپی یەك ملیۆن شەش کەس پەیوەندی کردووە لەسەر فلێکتەر 20 ملیۆنکەی چاوی لـــێ کردووە لە توێیتەرا 278 هەزار کۆمێنت کراوە لە ماڵپەری ئەمەزۆن 83 هەزار دۆلار فراشـــراو بووە ژمارەی ئیمێلەکان 204م لیۆن نامە بووە و 571 ماڵپەری تازە کراونەتەوە .

## قەلەمێک کاری تۆماری نوسینەکان و کامێرای چاودێری ئەنجام دەدات

کۆمپانیایەکەی ئەندەنوســـی قەلەمێکـــی بەرهەم هێنا بەنـــاوی (wacom) کە هەموو ئەو نووســـینانەی ڕۆژانە دەینووسی تۆماری دەکات و لەناو فلاشـــەکەی خۆیدا بەشێوەی pdf هەڵـــی دەگرێ ئـــەم قەڵەمە جگـــە لەوەش لەســـەرێکیانەوە کامێرایەکی 8 مێگا پێکسڵی پێوەیە بۆ چاودێری کردن ئەم قەلەمە تایبەت بۆ کاری وانە و پشـــکنین دروست کراوە، هەروەها بۆ کاری ســـیخوری کردنیش بەکاردێت و وایەرلێسی تێدایـــە کە دەتوانێت لە دووری 16 مەتر کۆنترۆل بکرێـــت و تۆمار کردنی وێنـــەی ڤیدیۆیی بە قەبـــارەی HD و هاردەکەی توانای هەیە 210 خولـــەك وێنە تۆمار بـــکات، هەوەها 700 هەزار وشە تۆمار دەکات و لە 178 پلەی گەرمیدا دەتوانێت کار بکات.



# ئایفۆنێکی تازە بەڕێوەیە





کۆمپانیـــای ئەپـــل رایگەیاند کە لەمانگـــی 11ی ئـــەم ســـاڵدا بەنیـــازن ئایفۆنێکی تازە بخەنە بـــازاڕەوە ئەم هەواڵە لەرۆژنامەی وۆڵ ســـتریت جۆرنـــاڵ جیهانی بڵاوکراوە کە ئەم ئایفۆنە تازەیە زۆر بە بەرنامەوە خزمەتگوزاریـــی زۆری بۆ دانراوە کە زۆر لەبیری مرۆڤ دوورە کە کە تەواوی پێویســـتی کەســـەکە دابین دەکات تایبەت کراوە بۆ خزمەت کردنی بەکارهێنەرەکـــەی ئەمەو لـــەم کاتەدا کە تەواوی جیهـــان رووی لە بەرنامەی ئاندرۆید کردووە، وەك رکابەرییەك لەگەڵ سامسۆنگ گالەکسی، بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە درووست دەبێ ئاخۆ لەم ئایفۆنە تازەیەدا دەتوانێت لە سامسۆنگ گالەکسی بباتـــەوە .ئایفۆنـــی iPhone 5S رەنگی زێڕینی و 128 گێگا، مینگ تشـــی کیو یەکێکە لەو کەســـانەی کە بەردەوام دەستیان لە گۆڕانکاری مۆبایلی ئایفۆن بووە و ئـــەوەی راگەیاند کە گۆڕانکاری لە مۆبایلی iPhone 5S دەکرێت بە شـــێوەی بەرچاو، لە درێژەی لێدوانەکەیدا تەواوی ئەو گۆڕانکاریەی خســـتە ڕوو کە لە ئایفۆن iPhone 5S دەکرێت وەك رووپۆش کردنی رەنگی دەرەوەی ئایفۆنەکە بە ئاوی زێڕ کە رەنگێکی نایابی پێ دەبەخشێت، هەروەها زیادکردنی قەبارەی هارددێسکەکەی بۆ 128 گێگا و رامەکەی بۆ 32 بت و گۆڕینی پرۆسێسەرەکەی بۆ A7 کە چوار مێگا کاش دەبێ و لە ســـەدا بیســـت خێراییەکەی زیاتر دەبێ، هەروەها دروست کردنی شاشـــەکە لە کریستال کە دژی شوخت و شکانە. ئەو گۆڕانکاریانە وادەکات بازاڕی باش بۆ کۆمپانیای ئەپڵ مسۆگەر بکات.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەریکی گۆڤارەکەمان پرســـیارێك دەکات کە دەڵێ من فلاش میمۆریەکەم هەیە لە هەموو کۆمپیوتەرێك کار ناکات تەنها لەســـەر هەندێك کۆمپیوتەرنەبێ ئەمـــەش لێم بۆتـــە گرفتێـــك نازانم چۆنی چارەســـەر بکـــەم. بۆ وەڵامی ئەم بەڕێزە دەڵێین: هەرکاتێك میمۆری لـــە کۆمپوتەرێـــك دەخەیـــت، دەبێ راستەوخۆ کۆمپیوتەرەکە بیکاتەوە زۆر جار نەبوونەوەی لەهەندیك کۆمپیوتەر وادەکات فلاشـــەکە بشـــکێندرێت، یان فۆرمات بکرێ خۆ لەم فلاشـــانە کە لەســـەرەتا دەبێ فۆرمات بکرێتەوە بە فۆرماتی fat32 کە وادەکات لەسەر هەموو کۆمپوتەرێـــك بکرێتەوە زۆری ئەو فلاشانە لە سیســـتەمی ntfsـە پرۆگرامـــی کراوە بۆیە ئەم فلاشـــانە لەســـەر هەموو کۆمپیوتەرێك نابنەوە تەنها ئـــەو کۆمپیوتەرانەی لە USB 3.0 دەبنەوە بۆ چارە سەری دەتوانیت فلاشەکە فۆرمات بکەیتەوە پاش ئەوەی لەسەر فلاشەکەی کلیکی لای راست بکـــە فەرمانی فۆرمـــات هەڵبژێرەوە پاش بوونـــەوەی لە file system فەرمانـــی fat32 هەڵدەبژێریـــت و فۆرماتـــی بکـــە پـــاش فۆرماتی فلاشـــەکە، دەبینیت فلاشەکەت لەسەر هەموو کۆمپیوتەرێك دەبێتەوە .

# پرۆگرامێک تایبەت بە نەخشەسازی و هێڵکاری



بۆ درووست کردنی نەخشەو هێڵکاری زۆر پرۆگرام هەیە کە ئەم کارەمان بۆ ئەنجام بدات و زۆر جار پێویستیمان بە سەمپڵی تایبەت دەبێ بۆ پرۆگرامی تایبەت بەم بوار بەرهەم هاتووە کە هەموو پێداویســـتییەکی تێدایە بۆ هێڵکاری یان بۆ نەخشەســـازی یان بۆ زۆر شتی تر ئەویش بەرنامەی Edraw Max کە تایبەت کراوە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەکە راستەوخۆ داوای جۆری کارەکەت لێ دەکات تاوەکو هەموو جۆرە هێڵکاری و نەخشـــەکانی بۆت ئامادە بکات لەچۆنییەتی دارِشـــتنی یان دروســـت کردنی، هەروەها تەنانەن چۆری دابەش کردنـــی پارچەکان ئەم بەرنامەیە دەتوانێت کاری هەڵســـەنگاندنت بۆ بکات ئەگەر کارەکەت پێویســـتی کرد وەزیاتر لە 500 نموونەی جۆراو جۆری تێدایە بۆ کار کردنت و بۆ ئەوکەســـانەی کە ســـەرەتایین دەتوانن لەبەشی فێرکردنیدا زۆر بەئاسانی فێر ببن.